نێچیرڤان بارزانی: پێویستە حکوومەتی فیدراڵ قەرەبووی قوربانییانی هەڵەبجە بکاتەوە



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 38ـەمین ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا پەیامێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، هەڵەبجە تەنیا هێوێکی سینووڵی جەستەیی کورد نەبوو، بەڵکوو تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی و هەرشێکی دەندانەی سەر ئیرادەی گەلێک بوو کە تەنیا داوای ژیان و ئازادیی دەکرد.

دەقی پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی

لە (38)ەمین ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، بە ڕێز و شکۆوە یادی شەهیدانی بەتاوانی ئەو کارەساتە دەکەینەوە کە 16ی ئاداری 1988 ڕژێمی ئەوسای عێراق دەرهەق بە گەلی کوردستان ئەنجامی دا و بە هەمیشە وەك برینێکی کراوەی نیشتمان دەمێنێتەوە. سەری ڕێز و نەوازش بە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و تەواوی کوردستان دادەنوێنین. سڵاو بە کەسوکاری سەربەرزیان و هەموو قوربانییان دەنێرین.

هەڵەبجە تەنیا هێوێکی سینەوی جەستەیی کورد نەبوو، بەڵکوو تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی و هەرشێکی دەندانەی سەر ئیرادەی گەلێک بوو کە تەنیا داوای ژیان و ئازادیی دەکرد. هەڵەبجە وەک گۆواهیدەرێکی زیندووی مێژوو لە ویژدانی جیهاندا دەمێنێتەوە، تاکوو مرۆڤایەتی وانەی لە وەربگرێت و ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی هەر جۆرە کەمەکوژییەک بگرێت، لەو هەر کوێی جیهان بێت.

لێم یادەدا، جێخت لە بەرپرسیاریەتیی حکووومەتی فیدراڵی عێراق بەرانبەر بە هەڵەبجە و قوربانییانی دەکەینەوە. بەپێی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە تاوانی کیمیابارنکردنی هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساند، پێویستە قەرەبووی شایستەی قوربانییان بکاتەوە، تاکوو دادپەروەری بە قوربانییان بەدی بێت. هەروەها لە هەرەمی کوردستانیش دەبێ باشترین خزمەت و چاودێریی پێویست پێشکەش بە بەرکەوتووانی ئەو تاوانە بکرێت.

ئێمە کە ناوچەکە بە دەخێکی مەترسیداری شەڕدا تێدەپەڕێت، ئەرکێکی قورسی نیشتمانی لەسەر شانی هەموومانە بە پاراستنی هەرەمی کوردستان. لێم دەخە هەستیاربدا، یەکێیزی و تەبایی تاقە ڕێگەی پاراستنی دەستکەوتەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانە. هەمووان قەرزاری خوێنی شەهیدانین و باشترین وەفاداری بە گیانی پاکیان، کارکردنی پێکەوییە بە دوورخستنەوەی مەترسییەکان لە گەل و خاکی کوردستان.

لەگەڵ هەموو سەختی و ئاڵنگارییەکانیشدا، ئێمە بە هیوا و ئومێدەوە لە داهاتوویەکی باشتر بە گەلی کوردستان دەڕوانین و دەنیاین دواڕۆژی گەلی کوردستان ڕووناکە. درود بە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی کوردستان.